# چراكان لە بەر دەم هێزی نەزانیدا هەرگیز خامۆش نابێت

## وەڵامێک بۆ نەزانەکان لە مێژوودا

( ئەو کەسەی لە دروست تێدەگات ، دروستیش ڕەفتار دەکات )

سوکرات

یەکێک لە ستراکتورە گرنگەکانی کۆمەڵگەی هوشیار و خاوەن ئەزمون ، ئەو پێکهاتە مەعریفیانەیە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی تێگەیشتن بە زمانی لۆژیکیانە ، ( ئەرنست ماخ ) ووتەنی سروشت بۆ مرۆڤ ، بریتیە لە کۆمەڵێ ڕەگەز کە پێشکەش بە هەستی مرۆڤ دەکات ، تاکە سەرچاوەی مەعریفەش هەستە لە بەرامبەر گۆڕانی سروشت و مرۆڤدا ، ڕەنگە بۆ ئێمەی کورد تا ئێستا لەو میتۆدە گرنگانە حاڵی نە بووبێتین کە دەبێتە هۆی هێنانە کایەی دید و پێوانە زانستی و مەعریفیەکان ، کە ئەم خەسڵەتە خەمی بە شێکی گەورەی مرۆڤی ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی دروستی ئێمەیە لە ساتی ئێستاماندا ، سوکرات وتەنی زیرەکترین کەس ئەو کەسەیە ، دەزانێ چی نازانێت ، بە مانای پێویستە زیرەکی و لێهاتووی مرۆڤ لە بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا هێند دروستمەند و خاوەن ڕەوشت بن ، نەگاتە دۆخی لووت بەرزی و بەڕەڵای ڕەوشت ، ڕەنگە باشترین نمونە لە ئێستادا پرسیارە گرنگەکەی نیچە بێت کە دەڵێ چۆن بەهای ڕەوشت بەرهەم دێ ، یان ڕەوشت بریتیە لە کۆمەڵێ مانای جەوهەری وهزمانی هێما وەک ئاین و میتافیزیک ئاماژەیە لە سەر هەستەکانی مرۆڤ ، یان دەڵێ بۆ رەوشت هەیە ، ئیدی لێرەوە دەبێت لەوە بە ئاگابین کە جوانی مرۆڤ بەستراوە بە جوانییەکانی خودی مرۆڤ خۆیەوە ، ئەگەر مرۆڤ ڕێگە نەدا بە خۆی کە زاکیرەی خیانەتی لێبکات دەبێت باش لەو حەقیقەتە بگات کە ئێمە وەکو دەستەی نوسەرانی ماڵپەری چراکان بۆ هەمیشە گرنگیمان داوە بە ئەزمونە جوانەکانی دونیای هونەری و ڕۆشنبیری کورد لە تاراوگەو لە نیشتیماندا ، کە پێم وایە هەموو کەسێکی خاوەن ویژدان ئەم ڕاستیە باش دەزانێت ، بە دیوێکی تردا کە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین ئەو توانا زەنگین و کەم وێنەیەیە کە چراکان پێشکەشی خوێنەرانی کوردی کردووە لە ماوەی دروست بونیدا زۆرترین خوێنەری بۆ خۆی مسۆگەر کردووە لە گشت بوارەکانی دونیای هونەر و فەلسەفە و موزیک و شیعر و سینەما و شانۆ .

لە مێژووی دروستبوونی ماڵپەرە کوردییەکاندا هیچ ماڵپەرێکی کوردی هێندەی ماڵپەری چراکان گرنگی نەداوە بە جوانی ناخی مرۆڤەکان ، کە دەکرێ وەک نمونەی دیاری بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری ئاماژەی پێبکەین ، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکە کۆمەڵێ کەسی ناحەز بە جیهانی هونەرەجوانەکانی کورد و ڕۆشنبیرانی خاوەن ئەزموون و حەقیقەمەند ، لە ڕێگەی کاری دوور لە ڕەوشتی ڕۆشنبیریانە سەرنجی هەڵەو نا شایستە لە ماڵپەری چراکاندا بڵاو دەکەنەوە ، کە ئەم کارە جگە لە ئیفلاس بوون و دۆڕاندن و ئیلیسیۆنی شێتانە هیچ مانایەکی تری نییە ، ئێمە وەک دەستەی نوسەرانی ماڵپەری چراکان ، داوای بەخشین دەکەین لەو هونەرمەند و ڕۆشنبیرانەی کە سەرنجی نا دروستیان بۆ نوسراوە و ئومێدەوارین بە جوانی ناخی خۆیان بمانبەخشن و دڵنییایان دەکەین کە ئێمە وەک دەستەی نوسەرانی ماڵپەری چراکان زۆر نیگەرانین بەم کارە نادروستە ، حەز دەکەین ناحەزانی چراکانیش لەوە دڵنیابن کە چراکان ماڵی داهێنان و نوێگەرییە بۆ گشت ئەو خامانەی کە لە زمانی لۆژیک و داهێنان حاڵی دەبن ، نیچە وتەنی ئێمە بە دووی ئەو هێزانەدا وێڵین کە بیر بەرهەمدێنن ، دواجار ئێمە وەک دەستەی نوسەرانی ماڵپەری چراکان بۆ هەمیشە بەگژ ئەو عەقڵانەدا دەچینەوە کە نەزانین بەرهەم دێنن .

**دەستەی نوسەرانی ماڵپەری چراکان**

**نۆی هەشتی دووهەزارو حەوت**